مەزڕوم عەبدی: دیدارەکەمان لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی ڕەنگدانەوەی پابەندبونمانە بە پەیوەندییەکی بەهێز



مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە، ڕایگەیاند، دیدارەکەیان لەگەڵ سەرکی یەکێتی ڕەنگدانەوەی بونیادنانی پابەندبونە بە پەیوەندییەکی بەهێز.

مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزکانی سوریای دیموکرات-هەسەدە، ئەمڕۆ چوارشەممە، لە تێڵی ئێکس ڕایگەیاند، خۆشحاڵ بوین بەوەی کە کۆبونەوەیەکی بەرهەمدارو بەسودمان لەگەڵ دیدار لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدا. هاوبەشی و کارکردنی پێکەوەیی بە بەدیهێنانی داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلەکەمان، بەرزەنرخنین، ئێم دیدارە هاریکاریی هاوبەشمان بەهێز دەکات و ڕێنگدانەوەی پابەندبونمانە بە بونیادنانی پێیوەندییەکی بەهێز و بەرهەمدار.

مەزڕوم عەبدی ئەوەشی خستەڕو، هەروەك کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ تیم باراک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا ئەنجامدا، تیایدا تاوتوێی دواین پێشهاتەکانی ناوچەکەمان کرد لەنێویاندا ڕەکەوتنەکەی 29ی کانونی دوەم. ئێم دیدارە دەرفەتێك بو بۆ ئاوگاڵی بیروڕا سەبارەت بە ڕێگای

بەهێزکردنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکەو پێکەوە کارکردن بۆ روبەڕووبونەوەی ئەو ئاهەنگاریانەی کە گەلی سوریا پێیاندا تێدەپەڕێت.